# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی كــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)   ٢٧٢٤ی کـوردی   ٢٠٢٤ی زایینـی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**
بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەد زادە

http;//gov.krd/ka   ISSN: 2520-4106   **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# ڕوونکردنەوەی واتا لە ڕێگای نیشانە زمانی و نازمانییەکان

م.ی. ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز
بەشی کوردی کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر
rezhna.azeez@su.edu.krd

پ. د. عبدالواحد مشیر مەحمود دزەیی
بەشی کوردی کۆلیژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

## پوختە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕوونکردنەوەی واتا لە ڕێگای نیشانە زمانی و نازمانییەکان)، واتە باس لە نیشانە زمانی و نازمانییەکان دەکات و ڕۆڵیان لە ڕوونکردنەوەی واتا دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی واتاسازیدا شیکردنەوە بۆ ڕۆڵی نیشانە دەکات و لە زمانی کوردیدا، نموونەی پێویستی بۆ دێنێتەوە. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لەو فۆرمە زمانییانە دەکات کە چ بە ئاشکرایی، یان بە شاراوەیی واتا ڕوون دەکەنەوە و تەمومژە واتاییەکان دەڕەوێننەوە. نیشانە ئەو فۆرمە زمانییەیە کە لەپاڵ فۆرمە زمانییە دەربڕاوەکان واتا ڕوون دەکەنەوە و دەبنە پاڵپشت و بەڵگە بۆ دەرخستنی واتای دەربڕاو. ئامانج لەم باسە تیشک خستنەسەر ڕۆڵی نیشانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە هەموو دەربڕاوێکی زمانی نیشانەی ڕوونکردنەوەی لەگەڵدایە جا چ زمانی بێت یان نازمانی. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم تایبەتە بە نیشانە زمانییەکان و ڕوونکردنەوەی واتای سیمانتیکی، ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت: پەیوەندییە واتاییەکان، پێناسە، پوختە، پاشخانی زمانی، نموونە، وەسف، ڕوونکردنەوە، خاڵبەندی.
بەشی دووەمیش باس لە نیشانە نازمانییەکان و ڕوونکردنەوەی واتای پراگماتیکی دەکات، ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت: نیشانە مادییەکان، نیشانە سروشتییەکان، نیشانە دەنگییەکان، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، نیشانە دەروونییەکان. لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

کلیلەوشە: فۆڕمی زمانی، واتای دەربڕاو، پەیوەندییە واتاییەکان

**پێشەکی**

توێژینەوەکـە تایبەتـە بـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕۆڵـی نیشـانە زمانـی و نازمانییـەکان لـە ڕوونکردنـەوەی واتـا.

**سنووری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکـە لـە چوارچێـوەی واتاسـازیی نیشـانە زمانـی و نازمانییـەکان و ڕۆڵیـان لـە ڕوونکردنـەوەی واتـای سـیمانتیکی و پراگماتیکـی دەخاتـە ڕوو و نموونـەی پێویسـتی لـە زمانـی کـوردی بـۆ دەهێنێتـەوە.

گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە بـاس لـە نیشـانە ئاشـکراو شـاراوەکان دەکات کـە تەمومـژی واتایـی ڕوون دەکاتـەوە کـە دەبنـە پاڵپشـت بـۆ ڕاسـتیی دەربڕینـەکان.

ئامانج و گریمانەی توێژینەوەکە

باسـەکە بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە ئامـادە کـراوە:

+ نیشـانە چییـە و ئایـا لەپـاڵ هەمـوو دەربڕینـە زمانییـەکان نیشـانە هەیـە؟

+ نیشانە لە ئاستی واتاسازیدا چەند جۆرە؟

+ نیشـانەی زمانـی یـان نازمانـی گرنگـترە بـۆ ڕوونکردنـەوەی واتـا؟

+ کامـە لقـی واتـا، پێویسـتی بـە نیشـانە زیاتـرە، سـیمانتیک، یـان پراگماتیـک؟

ڕێبازی توێژینەوەکە

باسەکە لە چوارچێوەی ڕێبازی وەسفی کار دەکات.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـە جگـە لـە پێشـەکی و ئەنجـام لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە: بەشـی یەکـەم تایبەتـە بـە نیشـانە زمانییـەکان و ڕوونکردنـەوەی واتـای سـیمانتیکی، پەیوەندییـە واتاییـەکان: پەیوەندیـی ئاسـۆیی، هاوڕێیەتـی و بەیەکەوەهاتـن، کۆتـی هەڵبـژاردن، پەیوەندیـی سـتوونی: هاوواتـا، دژواتـا، بـەش لـە گشـت، دووپاکردنـەوە، پێناسـە، پوختـە، پاشـەکەوتی زمانـی، نموونـە، وەسـف، ڕوونکردنـەوە، خاڵبەنـدی...). بەشـی دووەمیـش بـاس لـە (نیشـانە نازمانییـەکان و ڕوونکردنـەوەی واتـای پراگماتیکـی: نیشـانە ماددییـەکان، نیشـانە سروشـتییەکان، نیشـانە دەنگییـەکان، نیشـانە کۆمەڵایەتییـەکان، نیشـانە دەروونییـەکان، نیشـانەی فۆنیمـە ناکەرتییـەکان، فۆنیمـە ناکەرتییـەکان ئەمانـەن: ئـاوازە، هێـز، ئاگادارکردنـەوە، هەسـت وروژانـدن، لادانـی ئاوەڵنـاو، درێژکردنـەوەی بزوێـن، وەسـتان، نیشـانەی جەسـتەییەکان، نیشـانە دەرەکییـەکان، نیشـانە وێنەییـەکان، نیشـانە هەسـتییەکان، هەسـتی بۆنکـردن، هەسـتی تامکـردن، هەسـتی بەرکەوتـن، نیشـانەی ئایینییـەکان، نیشـانەی دەنگـی دروسـتکراو، نیشـانەی سـیمبوڵی).

لەگـەڵ خسـتنەڕووی پوختەیـەك بـە زمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی.

**بەشـی یەکـەم: نیشـانە زمانییـەکان و ڕوونکردنـەوەی واتـای سـیمانتیکی**

**١. ١. پەیوەندییە واتاییەکان**

**١. ١. ١. پەیوەندیی ئاسۆیی**

پەیوەندیـی ئاسـۆیی (پەیوەندیـی گونجـان و نەگونجـان لەنێـوان وشـەکان لـە سـنووری ڕسـتە و گرێـدان دەگرێتـەوە) (دزەیـی، ٢٠١٠، ١٢٣).

پەیوەندیـی ئاسـۆیی دوو جـۆرە کـە دەبنـە نیشـانە بـۆ ڕوونکردنـەوەی واتـا، کـە ئەمانـەن:-

**١. ١. ١. ١. هاوڕێیەتی و بەیەکەوەهاتن:**

ئـەو پەیوەندییـە هاوڕێیەتیانـە دەگرێتـەوە کـە وشـەکان لـە ڕێـگای زۆر بەکارهاتنیـان لەگـەڵ یـەك جـۆرە هاوڕێیەتییـەك دروسـت دەکـەن (هاوڕێیەتـی واتـە پلـەی پەیوەنـدی بەیەکەوەهاتنـی وشـەیەك لەگـەڵ وشـەیەکی تـر) (علـی، ٢٠٠٧، ١٢٢).

(١) بۆ نموونە: - نەهەنگ و ماسی

- قوتابی و پۆل

ئاسـاییە بوتـرێ (نەهەنـگ و ماسـی) لـە دەریاکـەدا هـەن، بـەڵام ئاسـایی نییـە بوتـرێ (نەهەنـگ و شـێر) لـە دەریاکـەدا هـەن (پچڕانـی ئـەم پەیوەندییـە بۆتـە نیشـانە کـە گومـان لـە ڕاسـتی دەربڕینەکـە بکرێـت، بەپێچەوانەشـەوە ڕەچاوکردنـی دەبێتـە نیشـانە بـۆ تـەواوی دەربڕینەکـە) (دزەیـی، ٢٠٢١، ٣٦).

واتـای هاوڕێیەتـی ئـەو واتایەیـە کـە وشـە بەهـۆی

هەڵــس و کــەوت و هاتنــی لەگــەڵ وشــەی تــردا پەیــدای دەکات.

(٢) بــۆ نموونــە:- - ڕاســان لــە پۆلــی ٦ نمــرەی ٩٥ ی بەدەســت هێنــا.

لــەم ڕســتەدا دەردەکەوێــت ڕاســان قوتابییــە، چونکــە هاوڕێیەتــی لەنێــوان (قوتابــی و پــۆل و نمــرە)دا هەیــە. یــان لــە ڕســتەیەکی (نەشــتەرگەرییەکەم بــە ســەرکەوتوویی ئەنجــام دا). دەردەکەوێــت کــە قســەکەر دکتــۆرە، چونکــە هاوڕێیەتــی لــە نێــوان (دکتــۆر و نەشــتەرگەری کــردن)دا هەیــە.

"هەمــوو وشــەیەك لــە وشــەکانی زمــان، واتایەکــی فەرهەنگــی و واتایەکــی کۆمەڵایەتــی هەیــە" (أنیــس، ١٩٦٣، ٤٧). وشــە فەرهەنگییەکــە کاتێــك لەگــەڵ وشــەی تــردا بــەکار دێ و واتــا کۆمەڵایەتییەکــەی وەردەگرێــت دەبێتــە نیشــانە.

فێــرث ڕای وایــە "هەنــدێ وشــە لــە ڕێــگای قەرینەکــەی واتاکــەی ڕوون دەبێتــەوە" (بالمر، ١٩٩٧، ١٦٩).

(٣) بۆ نموونە: - شێر و ئازایەتی

- پەپوولە، ناسکی و بێگەردی

کاتێــك دەوتــرێ (دایکــم پەپوولــە بــوو) لێــرەدا ســیفەت لــە پەپوولەکــە وەردەگیــرێ و دەبێتــە نیشــانە بــۆ کەســەکە، چونکــە لەگــەڵ نــاوی مرۆڤــدا هاتــوو

ە، واتا دایکم کەسێکی پاك و بێگەرد بوو

یــان لــە ڕســتەی (ئاکــۆ شــێرە) واتــە ئاکــۆ ئازایــە. لێــرەدا ســیفەتێك لــە شــێر وەرگیــراوە و بۆتــە نیشــانە بــۆ مــرۆڤ.

**١. ١. ١. ٢. کۆتــی هەڵبــژاردن:** "دوو وشــە یــان زیاتــر کــە بەیەکــەوە دێــن هەنــدێ کــۆت دەخەنــە ســەر یەکــتری، ئــەم جــۆرە کۆتانــە پێیــان دەوتــرێ هەڵبــژاردن" (دزەیــی، ٢٠١٠، ١٢٤).

لــە کۆتــی هەڵبژاردنــدا بکــەر و بــەرکار دەبێــت لەگــەڵ کارەکــەدا بگونجێــن، لێــرەدا کار وەکــو کەرەســتەکی ســەرەکیی ڕســتە کــۆت بــۆ کەرەســتەکانی تــر (بکــەر و بــەرکار) دادەنــێ. لێــرەدا هەڵبــژاردن بــە دەســت کارەکەیــە کــە چ جــۆرە بکــەر و بەرکارێکــی دەوێــت.

بــۆ نموونــە (هــات) کارێکــی تێنەپــەڕە، بکەرێکــی زینــدووی دەوێــت، کــە توانــای ڕۆیشــتنی هەبــێ. کاری (شوشــتن) تێپــەڕە بکــەری زینــدووی دەوێــت و بەرکارێکــی دەوێــت کــە توانــای شوشــتنی هەبێــت.

(٤) بۆ نموونە: - ڕاوێژ هات

- بەفرین جلەکانی شوشت

**١. ١. ٢. پەیوەندیــی ستونی:** "پەیوەندیــی وشەســازی نێــوان وشــەکان دەگرێتــەوە، واتــە لەجیاتــی دانــان یــان گۆڕینــەوەی وشــەیەك بــە وشــەیەکی تــری هاوئــەرك لــە تــەوەری ســتوونی بــێ ئــەوەی کار لــە پەیوەندیــی ئاســۆیی ڕســتەکان بــکات" (دزەیــی، ٢٠١٠، ١٠٩).

بــە واتایەکــی تــر پەیوەندیــی نزیکــی نێــوان وشــەکان دەگرێتــەوە دەکــرێ وشــەی ڕســتەیەك جێــگای وشــەی تــر بگرێتــەوە.

(٥) بۆ نموونە: من دوێنێ لێرە بووم.

جێنــاوی (مــن) دەتوانــرێ لەگــەڵ جێناوەکانــی (تــۆ، ئــەو، ئێمــە، ئێــوە، ئــەوان)دا لــە شــوێنی یەکــتردا بــەکار بێــن.

**پەیوەندیــی ســتوونی چەنــد جۆرێکــی هەیــە دەبنــە نیشــانە بــۆ ڕوونکردنــەوەی واتــا کــە ئەمانــەن:**

**١. ١. ٢. ١. هاوواتــا:** (بریتییــە لــە دوو وشــە یــان زیاتــر کــە یــەك واتایــان هەبێــت) (لوشــن، ١٩٩٥، ١٠٦). ڕوونکردنــەوەی واتــای وشــە لــە ڕێــگای هاوواتاکــەی دەبێتــە نیشــانە.

بــۆ نموونــە: (جــوان، ڕەنــد، کــۆك، قــۆز) لــە ڕووی گەیاندنــی واتــاوە هاوواتــان، بــەڵام بــەو وشــانەی لەگەڵیــان دێــت جیــا دەکرێنــەوە، واتــە کاتێــك دەوتــرێ (ئــەو قــۆزە) دەزانــرێ مەبەســت کــوڕە (قــۆز) دەبێتــە نیشــانە، چونکــە لەگــەڵ (کــوڕ)دا بــەکار دێــت.

هەروەهــا (مــرد، تۆپــی، مــردار) لــەڕووی گەیاندنــی واتــاوە یــەك ئەرکیــان هەیــە، بــەڵام بەپێــی هاتنیــان لەگــەڵ وشــەی تــر واتایــان ڕوون دەبێتــەوە بــۆ نموونــە کــە دەوتــرێ (مرداربــووەوە) دەزانــرێ مەبەســت (پەلــەوەر) ە، (مــردار) دەبێتــە نیشــانە، چونکــە لەگــەڵ (پەلــەوەر)دا بــەکار دێ.

**١. ١. ٢. ٢. دژ واتــا:** ڕوونکردنــەوەی واتــای وشــە لەڕێگــەی دژواتاکــەی دەبێتــە نیشــانە.

(٦) بۆ نموونە: - کەوەکە نێرە. کەواتە (مێ)نییە.

- ئازاد مردووە.  کەواتە (زیندوو)نییە.

- منداڵەکە کچە.  کەواتە (کوڕ)نییە.

**١. ١. ٢. ٣. بــەش لــە گشــت:** وەکـو (پەیوەندیـی دەسـت بـە لـەش، یـان تایـە و ئوتومبێـل) (عمـر، ١٩٨٢، ١٠١). تایـە بەشـێکە لـە ئوتومبێـل، دەسـت بەشـێکە لـە لـەش.

ناوهێنانـی بەشـێك لـە گشـت دەبێتـە نیشـانە بـۆ دیاریکردنـی واتـا،

(٧) بۆ نموونە  -١٠ سەرم هەیە.

(سـەر) دەبێتـە نیشـانە بـۆ ئـاژەڵ واتـە (١٠ ئاژەڵـم هەیـە). زۆرجاریـش گشـت لـە بـەش دەبێتـە نیشـانە بـۆ دیاریکردنـی واتـا بـۆ نموونـە: (لـە گونـد بپرسـە) لێـرەدا مەبەسـتی خەڵکـی گونـدە.

**١. ١. ٢. ٤. دوپاکردنــەوە:** قسـەکەر کاتێـك ڕسـتەی یەکـەم دەردەبڕێـت، ئەگـەر وشـەیەکی نـوێ یـان گرنگـی تێدابـوو لـە ڕسـتەی دووەم دووبـارەی دەکاتـەوە کـە هەڵگـری هەمـان بیرۆکـەی ڕسـتەی یەکەمـە.

(٨) بۆ نموونە:

- پێویسـتە لەکاتـی چوونـەدەر لـە مـاڵ ماسـك ببەسـتن، بـۆ ئـەوەی پارێزراوبـن لـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا.

- ئـەو ئامێرانـەی لەکاتـی نەشـتەرگەری بـەکار دێـن پێویسـتە تەعقیـم کرابـن، بـۆ ئـەوەی بەکتریـا نەچێتـە لەشـی مرۆڤـەوە.

**١. ١. ٢. ٥. پێناســە:** پێناسـەکردنی شـتێك بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوە دەبێتـە نیشـانە بـۆی.

(٩) بـۆ نموونـە: سـپێناغ جۆرێکـە لـە سـەوزە، مـاددەی ئاسـنی تێدایـە.

**١. ١. ٢. ٦. پوختــە:** نووسـەر پوختـەی نووسـینەکەی لەیـەك ڕسـتەدا چـڕ دەکاتـەوە بـە بەکارهێنانـی وشـەیەکی سـەرەکی، مەبەسـتەکەی ڕوون دەکاتـەوە.

(١٠) بۆ نموونە:

- پیـاوە دەوڵەمەنـدە خێرخوازەکـە دڵخـۆش بـوو بـە بەخشـینی پـارە بـۆ دەزگا خێرخوازییـەکان و کۆکردنـەوەی کۆمـەك و هـاوکاری بـۆ ماڵـە هـەژارەکان و پارەیەکـی زۆری بـە سـەر منداڵانـی بێسەرپەرشـت دابـەش کـرد و یارمەتـی کەمدەرامەتەکانـی دەدا، هەروەهـا ماڵـی خـۆی کردبـووە قوتابخانەیـەك بـۆ منداڵـی کەمدەرامـەت و بێسەرپەرشـت.

پوختەکـە (ئـەو یەکێـك بـوو لـە بەناوبانگتریـن خێرخوازەکانـی ئـەو سـەردەمە).

**١. ١. ٢. ٧. پاشــخانی زمانــی:** نێـرەر وا پێشـبینی دەکات کـە وەرگـر ئەزموونـی هەیـە لـە تێگەیشـتنی واتـای وشـە نوێیـەکان، واتـە لەکاتـی بەکارهێنانـی وشـەی قـورس و نامـۆ، ئەگـەر وەرگـر پاشـەکەوتی زمانـی هەبـێ دەتوانـێ لـە واتـای وشـەکان بـگات. بـۆ نموونـە (کـۆژان، کاڵفـام، دژواز....).تێگەیشـتن لـە واتـای وشـە نامـۆ و قورسـەکان، نیشـانەی ئەوەیـە وەرگـر هەگبـەی زانیاریـی دەوڵەمەنـدە.

**١. ١. ٢. ٨. نموونــە:** شـیکردنەوەی واتـای وشـە لـە ڕێـگای نموونـە دەبێتـە نیشـانە بـۆی.

وەك: ئـەو خواردنانـەی کـە پرۆتینیـان تێدایـە وەکـو گۆشـت و قەرنابیـت و برۆکلـی... بەسـوودن بـۆ لـەش.

**١. ١. ٢. ٩. وەســف:** (خسـتنەڕووی شـێوە و ڕەنـگ و بـارودۆخ و چۆنیەتـی و چەندایەتـی شـت دەردەخـات) (دزەیـی، ٢٠٢١، ٤٠).

(١١) بـۆ نموونـە: هەتـا وەك (ئاگـری بـن کا)ن لەگـەڵ یـەك

- ئەگـەر تۆفـان بـێ لەشـکرتان بـە پووشـەك (حاجـی قـادر،١٣٩٠، ٧٨)

ئـەم وەسـفە نیشـانەیە بـۆ خیانـەت و دووڕوویـی لەگـەڵ یـەك واتـە ئـاوا لەنێـو خۆتـان، خائـن بـن، ئەگـەر هێزتـان وەکـو لافـاو زۆربێـت سـوودی نییـە.

**١. ١. ٢. ١٠. ڕوونکردنــەوە:** (بـۆ نەهێشـتنی کەلێـن بـۆ پرسـیار بـەکار دێـت) (دزەیـی، ٢٠٢١، ٤٠).

بۆ نموونە:  نامەکەم بە قەڵەمی ڕەش نووسی.

**١. ١. ٢. ١١. خاڵبەنــدی:** "خاڵبەنـدی بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە نیشـانەیە بـۆ ڕوونکردنـەوەی واتـا، بێگومـان لـە ئەنجامـی گۆڕینـی ئاخاوتـن بـۆ زمانـی نووسـین ناتوانرێـت دەقـاودەق وەربگیردرێـت، بەڵکـو کەلێنێـك دروسـت دەبێـت ئـەم کەلێنانـەش لـە ڕێـگای هێماکانـی خاڵبەندییـەوە هەندێـك جـار چارەسـەر دەکرێـت" (هەمـان سـەرچاوە، ٣٨). بـۆ نموونـە: فۆنیمـە ناکەرتییـەکان

کە ناتوانرێت لە زمانی نووسین نیشانەی بۆ دابنرێت، بەڵام لەکاتی نووسین دانانی (.) لە کۆتایی ڕستە دەبێتە نیشانە کە ئەو ڕستەیە هەواڵگەیاندنە بەهەمان شێوە (؟) نیشانەی ڕستەی پرس و (!) نیشانەی ڕستەی سەرسوڕمانە. بۆ نموونە لە ڕستەیەکە وەکو:-

- سبەینێ پشووە

بەبێ دانانی خاڵبەندی نازانرێ، کە ئەم ڕستەیە هەواڵگەیاندنە یان پرسیارییە.

هەر جۆرێك لە هێماکانی خاڵبەندی دەبێتە نیشانە بۆ نموونە:-

(،) (!) (.) (؟) (:) (....) (:-)....هتد

ڕەچاونەکردنی خاڵبەندی ئەرکی خوێنەر قورس دەکات لە تێگەیشتنی واتای ڕستە و دەق.

**١. ١. ٣. پەیوەندییە ئەنافۆرییەکان:** ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ناوێك و جێناوێك.(Levinson )، ١٩٩٧، ٨٥

(١٢) بۆ نموونە: - منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە.

لێرەدا جێناوی (ی) بۆ منداڵەکە دەگەڕێتەوە، بۆ دۆزینەوەی جێناوی (ی) سەیری وشەکانی پێشتر دەکەین، واتە (منداڵەکە).

لەپەیوەندیی کەتافۆریش دەبێ سەیری ڕستەی دواوە بکەین (فتاح، ٢٠١١، ١٩٨). تا سەیری ڕستەی دواتر نەکرێ واتاکە دیاری ناکرێت.

(١٣) بۆ نموونە: کارەسات ئەمەیە........

**١. ١. ٤. نیشانەکانی دەق/گوتار:** "ئەو نیشانانەن کەرتەکانی دەقێك یان گوتنێك بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندیی گوتنێك و دەقەکەی دەوروبەری نیشان دەدات لە ڕێگای ئاوەڵکاریی کات و شوێن و نیشانەکانی ئاماژەکردن بەدیار دەکەوێت" (Levinson ، ١٩٩٧، ٨٥)

(١٤) بۆ نموونە: لەسەرەوە بەدرێژی باسمان کرد. (نیشانەی شوێن)

- دواتر باسی دەکەین. (نیشانەی کات)
- ئەو هێڵکارییەی خوارەوە (نیشانەی ئاماژە)

(نیشانەی گوتار دەبێ بۆ گوتار بگەڕێتەوە نەك بۆ کەس و تەن و ڕووداو) (دزەیی، ٢٠١١، ١٠٩). واتە ئاماژە بۆ بەشێك لە دەق دەکات بۆ نموونە (لە بەشی دووەمدا) ئەمە ئاماژە بۆ چەند دێرێك لە شتەکان دەکات واتە بۆ دەقەکە دەگەڕێتەوە.

هەندێ ئامراز و وشە، کە ئەرکی بەستن دەبینن بە نیشانەکانی دەق دادەنرێن کە لەکاتی بەراوردکردن و دژیەك و ڕوونکردنەوەدا بەکار دێن، ئەوانیش (بەڵام، چونکە، بۆیە، ئەگینا، وەك، هەروەها، بەپێچەوانەوە....).

نیشانە جۆری دەقیش دیاری دەکات لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی،...). لەڕووی ڕووخسارەوە (شیعرە، ڕۆمانە، کورتە چیرۆکە....).

بۆ نموونە نیشانە لە دەقی شیعری زۆر جار بریتییە لە وشەیەك کە لە ڕێگایەوە دەزانرێ بۆ چ مەبەستێك نووسراوە، ئایا (وەسفی ئافرەتە، وەسفی سروشتە یان تەسەوفە،....). بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (ماهـ پەرچەم، گوڵەکەم، ئەبرۆکەمان،....). نیشانەن بۆ وەسفی ئافرەت.

**١. ١. ٦. واتای گشتی:** "واتای گشتیی دەقێك یان ئاخاوتنێك بەسەریەکەوە، واتای شاراوەی وشە قورسەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە" (دزەیی، ٢٠٢١، ٤١). لە ڕێگای وشە و ڕستەکانی پێشتر و دواتر واتایەکی نزیك وەردەگرین، وشە و ڕستەکانی پیشتر و دواتر دەبنە نیشانە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە شاراوە و قورسەکان.

**١. ١. ٧. گەڕانەوەی جێناو:** گەڕانەوەی جێناو بۆ کەس و شتەکان دەبنە نیشانە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە قورسەکان بۆ نموونە: کەشکەکە لە کوێیە بابیخۆین.

ئەگەر کەسێك نەزانێت کەشکیش چییە ئەوا دەزانێت خواردنێکە و دەخورێت، ئەمەش لە ڕێگەی جێناوی (ی) کە دەگەڕێتەوە بۆ (کەشك) ئەم واتایەش جێناوی (ی) لە (بخۆ)هکەی وەرگرتووە واتای (کەشك) ڕوون دەکاتەوە.

**١. ١. ٨. جێگەیی و ناوی عەشیرەت:** بە هەمان شێوە دەبنە نیشانە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا.

بۆ نموونە: هەولێری، سورچی، کۆیی، خۆشناو.... واتە کاتێك بە کەسێك دەڵێی (کۆیی) مەبەست ئەوە نییە کە خەڵکی کۆییە، بەڵکو دەبێتە نیشانە بۆ خزمایەتی، کۆیی و خۆیی.

**بەشی دووەم: نیشانە نازمانییەکان و ڕوونکردنەوەی واتای پراگماتیکی**

**نیشانە نازمانییەکان:**

**٢. ١. نیشانە ماددییەکان:** ئەم نیشانە (پەیوەندییەکی هۆیی لە نێوان فۆرم و واتاکەیاندا هەیە) (حسان، ٢٠٠٩، ١٩٠). وەك جێی پێی پەلەوەر و گیانلەبەر نیشانەیە بۆ ڕۆیشتنیان لە شوێنەکەدا. یان بەجێهێشتنی کەلوپەل و پاشماوە لە شوێنی تاوان وەك (دەمانچە و چەقۆ...) ئەو شتانەی کە بۆ تاوانکردن بەکار دێن ئاماژەیە بۆ تێوەگلان لە تاوانەکە و هەندێك پاشماوەی تر کە لە شوێنەکە بەجێ دەمێنێ نیشانەیە بۆ بوونی کەسەکە لە شوێنەکە بۆ هەر مەبەستێك وەك (چاویلکە، تەسبیح، ملوانکە...).

**٢. ٢. نیشانە سروشتییەکان:** ئەم نیشانانە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان فۆرم و واتاکەیاندا هەیە کە پەیوەستن بە دیاردە سروشتییەکان و لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە. وەکو لەرینەوەی دار و جووڵەی درەخت و ئاراستەی با دیاری دەکا، وەرینی گەڵای دار و زەردبوونی، نیشانەی پاییزە و پشکوتنی گوڵ و دەرکەوتنی کوریکە نیسان، نیشانەی بەهارە و بەفر و باران، نیشانەیە بۆ زستان، هەروەها دەرکەوتنی شێوەی مانگ، خۆی لەخۆیدا ڕۆژژمێرێکە، جووڵەی سێبەر و هەتاو، نیشانەن بۆ دیاریکردنی کات.

**٢. ٣. نیشانە دەنگییەکان:** ئەمەشیان پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان دیاردەکە و دەنگەکەدا هەیە، (هەندێ وشە ئاماژە بۆ هەندێ دەنگی سروشتی دەکا) (عمر، ١٩٨٢، ٣٩).

وەکو دەنگی گیانلەبەرەکان لەوانە (نەڕەی شێر، حیللەی ئەسپ، جریوەی باڵندە، حەپەی سەگ، لورەی گورگ، قوقوی کەڵەشێر...هتد). لە هەر شوێنێك ئەم دەنگانە ببیسترێ نیشانەیە بۆ بوونی ئەم گیانلەبەرانە لەم شوێنەدا.

هەروەها دەنگی دیاردە سروشتییەکان، وەکو دەنگی هەورە تریشقە، نیشانەی باران بارینە، دەنگی هاژەی ڕووبار، نیشانەی بوونی ڕووبارە لە شوێنەکەدا...هتد. ئەوانە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و بێ ویستی مرۆڤە.

**٢. ٤. نیشانە کۆمەڵایەتیەکان:**

کولتووری هەر نەتەوەیەك واتای وشەکان ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێ، چونکە لەئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە.

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و دابونەریتی کۆمەڵگاوە دروست بووە (زمان لەژێر کاریگەریی شارستانیەتی نەتەوەکە و بیروباوەڕ و کولتوور و تێڕوانینە فکرییەکانیدایە) (الوافی، ١٩٥١، ٩). دابونەریت و کولتووری هەر کۆمەڵگەیەك دەبێتە نیشانە بۆی و پێناسەی ئەو کۆمەڵگایە دەکات و پێی دەناسرێتەوە، کاریگەری لەسەر زمانەکەی دروست دەکات و لە وشە و زاراوەکان ڕەنگ دەداتەوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو دابونەریت و بیروباوەڕ و ڕادەی ڕۆشنبیری و تێڕوانینیان لە ژیانی ڕۆژانەیان ڕەهەنگ دەداتەوە. بۆ نموونە (سەربڕینی گۆلکێك لە ڕۆژی جەژنی قوربان‌دا) ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ قوربانی بێت، لەوانەشە وانەبێت.

ئەم نیشانە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێ، بۆ نموونە (کوندەبەبۆ) لای کورد نیشانەی شومییە، بەڵام تورك بە پیرۆزی دەزانن.

پۆشینی ڕەنگی ڕەش لای زۆربەی نەتەوەکان نیشانەی مردنی کەسێکە، بەڵام لای هیند پۆشینی ڕەنگی سپی ئەم واتایە دەگەیەنێ.

لێدانی دۆڵ و زوڕنا و هەلهەلە لێدان و شایی و هەڵپەڕکێ لای کورد نیشانەی خۆشی و ئاهەنگە. لەبەرکردنی ئەڵماس و زێڕی زۆر و لێخوڕینی ئوتومبێلی گرانبەها نیشانەی دەوڵەمەندییە. حەلقە لە دەستی چەپ، نیشانەی هاوسەرگیرییە، لەدەستی ڕاست، نیشانەی دەستگیرانییە. ڕادەی نزیکی و دووری نێوان قسەکەرەکان زانیاریی ئاستی پەیوەندیی نێوانیان دەستنیشان دەکات، بەکارهێنانی وشەی (گیان، چاوەکەم، ڕوحی من، ئەزیزم...) جگە لە بەکارهێنانیان لە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان، نیشانەی نزیکی کەسەکان لەیەکتر نیشان دەدات.

دیزاینی جلوبەرگ بە هەموو شێوەکانیەوە دەبێتە نیشانە و ناوچەکەی پێ دەناسرێتەوە.

دابونەریتی کۆمەڵگە نیشانەن بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، چونکە دابونەریتەکان لەکۆمەڵگایەك بۆ یەکی تر جیاوازە، ئەو نەریتانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕەنگ دەداتەوە و خەڵك پێیان پابەندن و وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لێ هاتووە(کە بەنیشانەی دابونەریت و کولتوور ناو دەبرێن) (القالش، ٢٠١٠-٢٠١١، ١٣٤). کە لە ڕێگایەوە دەتوانین لە واتای وشەکان تێ بگەین، کولتووری هەر نەتەوەیەك نیشانەیە بۆ واتایەك.

هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا نیشانەیەکە بۆ خۆی، ڕادەی ئەزموون و تێگەیشتنی کەسەکان نیشان دەدا. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕادەی دووری و نزیکی تاکەکانی کۆمەڵگا پیشان دەدا کە لە مامەڵەکردن و قسەکردنیان ڕەنگ دەداتەوە.

**٢. ٥. نیشانە دەروونییەکان:** مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتن کاردانەوەی باری دەروونی لەسەرە و زۆرجار لە ئاخاوتندا ڕەنگ دەداتەوە، لەو ڕێگایەوە دەزانرێ لەڕووی دەروونییەوە ئارامە، تووڕەیە، شڵەژاوە، یان هەڵچووە "هەڵچوون کاردانەوەیەکی فیسیۆلۆجی بەهێزی لەسەر کۆئەندامی هەناسە و سووڕی خوێن و کۆئەندامی هەرس و گشت ئەنجامدەرە هۆرمۆنییەکان هەیە"(علی خان، ١٩٧٠، ١٢١). ئەمەش کار دەکاتە سەر ئاخاوتن. زمان پەیوەندیی بە لایەنی دەروون و ڕەوشتی مرۆڤەوە هەیە و "بەرهەمی کردە سایکۆلۆجییەکانە کە تایبەتە بە کەس" (البزاز، ٢٠٠٧، ٢٠). یەکەی دەربڕینی پێکهاتەی دەروونە، بۆیە مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا دەزانرێ لە چ بارێکی دەروونیدایە وتەکانی مرۆڤ بەپێی گۆڕانی باری دەروونی دەگۆڕێت. دەنگ بەرزکردنەوە و سووربونەوەی دەموچاو و گرژی ماسولکەکان لەکاتی قسەکردن ئەوپەڕی تووڕەیی مرۆڤ نیشان دەدات. سەر نزمکردنەوە و قسەکردن بەدەنگی نزم نیشانەی شەرمنی و ئارامییە.

جاری وا هەیە مرۆڤ شێوازێك لە کاردانەوەکانی دروست دەبێت هەڵچوونی تێدایە، ئەم هەڵچوونانە لەهەڵسوکەوتە فسیۆلۆجییەکاندا دەردەکەون خۆیان زانیارییان پێ دەدەن لەسەر ئەو بارەی کە قسەکەر تیایدا وەك ئەوەی (بەجۆرێك قسە دەکات و بە شێوازێك ڕەفتار دەکات جووڵەی دەستی لەگەڵ شێوەی قسەکردنەکەی یەك ناگرێتەوە، یان شێوەی دانیشتنی و جووڵاندنی قاچی لەگەڵ قسەکانی لە یەك جیاوازن" (السامرائی، أمین، ٢٠٠٢، ١٢٩). ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە قسەکەر لە ڕووی دەروونییەوە جێگیر نییە و لە بارێکی دەروونی شڵەژاودایە.

جنێودان و توانج لێدان بەبێ هۆکار بۆ کەسی بەرامبەر نیشانەیە بۆ تووڕەیی و بەخیلی پێبردن.

تەتەڵەکردنی زمان لەکاتی ئاخاوتن نیشانەی دوودڵی و باوەڕبەخۆ نەبوونە لە قسەکانی.

ئاماژەی دەموچاو هەڵسوکەوتێکی لۆجیکییە، چونکە وا دەکات چەندین واتای جۆراوجۆر بگەیەنێ ئەمەش وا دەکات لە ڕێگای ئاماژەکانەوە دەروونی بەرامبەر بخوێنرێتەوە، ئاماژەکانی دەموچاو ئاوێنەی ناخی مرۆڤە.

هەندێ جاریش قسەکەر بەدەربڕینی هەندێ وشە و دەستەواژە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکا وەکو (دڵم خۆشە، بێتاقەتم، بێزارم، دوودڵم، ئاخ، ئۆف...) بەکارهێنانی ئەم دەربڕینانە هەست و سۆز و ناخی قسەکەر پیشان دەدەن.

**٢. ٦. نیشانەی فۆنیمە ناکەرتییەکان:**

فۆنیمە ناکەرتییەکان لایەنی دەروونی قسەکەریش پیشان دەدا، کە هەڵگری واتاکانن، هەست و سۆز و هەڵوێستی قسەکەر دەردەخەن وەك حاڵەتی تووڕەیی و شەرم و هەڵچوون و خۆشی و ناخۆشی.... ئەو بارە دەروونییەی قسەکەر لە نووسیندا بە دیار ناکەوێت بەڵکو لەڕێگای قسەکردنەوە تەواو هەستی پێ دەکرێت. "سیماکانی کەرەستە ناکەرتییەکان، دەتوانن هەڵوێست و هەست و سۆزی قسەکەر ئاشکرا بکەن بەجۆرێك کە هەرگیز بەو زانیارییانەی پشت بە یەکە دەنگییەکان دەبەستن ئەنجام نادرێ"(جلوریا ج. بوردن، ١٩٩٨، ١٩٢).

**فۆنیمە ناکەرتییەکان ئەمانەن**

**٢. ٦. ١. ئـاوازە:** "بریتییـە لـە بـەدوای یـەك هاتنـی چەنـد ئاوازێکـی مۆسـیقی لـە قسـەکردنێکی دیاریکـراودا" (ماریوپـای، ١٩٩٨، ٩٣). بەرزکـردن و نزمکردنـی دەنـگ لەکاتـی ئاخاوتنـدا مەبەسـتێکی تایبەتـی هەیـە و پەیوەسـتە بـە سـۆز و حاڵەتـی دەروونـی و هەسـت و سـۆزی قسـەکەر دەردەخـا و نـاخ پیشـان دەدات، کـە هەڵگـری واتاکانـن وەك تووڕەیـی و بێـزاری و دوودڵـی وشـەرم و تـرس و دڵەڕاوکـێ.. "ئـەم واتایانـە سـەرباری ئـەو واتایانـەن کـە وشـەکان و ڕۆنانـی ڕێزمانـی هەڵیـان دەگـرن" (Fattah, ١٩٩٧: ٦٠) بەتایبەتـی "ئـاوازەی دەربڕیـن هەڵچووەکانـی تیـا ڕەنـگ دەداتـەوە" (ئوڵمـان، ١٩٨٦، ٩٢). هەمـوو ئـەو ڕسـتانەی کـە لـە ژیانـی ڕۆژانەمانـدا بـەکار دەهێنیـن بـە جـۆرە ئاوازێکـی تایبـەت دەردەبڕێـن بـۆ دەربڕینـی مەبەسـتی جیـا جیـا، لـە دەربڕینـی هـەر ڕسـتەیەك کاریگـەری بـاری دەروونیـان لەسـەرە.

مارتنـت پێـی وایـە "ئـاوازە چەنـد ئەرکێکـی ئاڵـۆز دەبینـێ، بـەڵام لـە هەموویـان بەسـوودتر و ڕاسـتەوخۆ ئەرکـی دەربڕینـە کـە لـە بـواری کاریگـەری خستنەسـەر گرنگییەکـی زۆری هەیـە" (Martinet, ١٩٦٢: ٧٦) گۆڕینـی ئـاوازە، چەمـك و مەبەسـتی جیـا جیـا دەبەخشـێ وەك (گاڵتەپێکـردن، توانـج لێـدان، ناڕەزایـی، تووڕەبـوون). "ڕۆڵـی ئـاوازە ناکـرێ پشـت گـوێ بخـرێ لـە دەربڕینـی هەسـتی قسـەکەر و هەڵچونەکانـی" (عـلی، ١٩٩٣، ١٦١).

ئـەم ئاوازانـە هـەر یەکەیـان دەبنـە نیشـانە بـۆ جـۆرە دەربڕیـن و شـێوازێك لەوانـە:

- ئـاوازەی بـەرز: ئەمجۆرەیـان لـە وتـاری سیاسـی و ئایینیـدا بـەکار دێ بـە مەبەسـتی کاریگەرکردنـی سـەر بەرامبـەر.
- ئـاوازەی ناوەنـدی: لـە قسـەکردنی ئاسـایی ڕۆژانـە بـەکار دێ.
- ئاوازەی نزم: لە حاڵەتی شەرمدا بەکار دێ.
- ئـاوازەی نـزم بـەرەو ئاسـایی: لـە حاڵەتـی دوعاکـردن و تکاکـردن و پاڕانـەوە.
- ئـاوازەی نـزم بـەرەو بـەرز: لـە حاڵەتـی ناخۆشـی بـۆ شـادی.
- ئـاوازەی سـەروبەرز: لـە حاڵەتـی هەڕەشـە و تووڕەبـوون و هەڵچـوون بـەکار دێ.
- ئـاوازەی ئاسـایی بـەرەو نـزم: لـە حاڵەتـی نکۆڵیکـردن بـەکار دێ.
- ئـاوازەی بـەرز بـۆ نـزم: لـە حاڵەتـی خۆشـی بـۆ ناخۆشـی بـەکار دێ.
- ئـاوازەی ئاسـایی بـەرەو بـەرز لـە حاڵەتـی گلەیـی بـەکار دێ(عزیـز، ٢٠٠٩، ٥٤).
- ئـاوازەی بـەرز بـەرەو ئاسـایی: لەحاڵەتـی هێوربوونـەوە لـە دوای تووڕەبـوون بـەکار دێ.
- ئـاوازەی ئەرێنیـی: لەکاتـی سـتایش و پیاهەڵـدان و لایەنـی سـۆزداری بـەکار دێ.

ئـاوازەی نەرێنـی: بـۆ دەربڕینـی خـەم و دڵتەنگـی و نائومێـدی بـەکار دێـت.

"لایەنـی بایەلۆجـی تاکـەکان جیـاوازن لـە ڕووی لەرینـەوەی تاڵەژێییەکان"(عبدالجلیـل، ٢٠٠٦، ٧٩). "هەرچەنـدە لەرەلـەرەکان خێراتربـن و ژمارەیـان لـە چرکەیەکـدا زۆرتـر بـێ، پلـەی دەنـگ بەرزتردەبـێ" (فەرهـادی، ٢٠١١، ٤٩). "دەنگـەکان لـە زمانـدا تایبەتمەندیـی کەسـەکە دەردەخـەن و دەبنـە نیشـانە بـۆ ناسـینەوەی ناسـنامەی کـەس" (عبدالجلیـل، ٢٠٠٦، ٨٠). کـە پێـی دەوتـرێ مـۆری دەنگـی بەمـەش دەتوانرێـت دەنگـی ژن و پیـاو و منداڵ لـە یەکـتر جیـاب کرێتـەوە، هـەر لـە ڕێـگای دەنگـەوە دەزانرێـت کەسـەکە فسـەزمانە، یـان نەخۆشـی زمانگرتنـی هەیـە، هەروەهـا کەسـێکی دڵخۆشـە، غەمبـارە، تووڕەیـە، نەخۆشـە، سـاغە، کەسـێکی ئاسـاییە، یـان نەخۆشـی دەروونـی هەیـە. هەمـوو ئـەو حاڵەتانـە لـە ڕێـگای دەنگـەوە دەبنـە نیشـانە بـۆ دەرخسـتنی دەروونـی تـاك.

هەروەهـا "هـەر لـە ڕێـگای دەنگـەوە دەتوانیـن زمانـی قسـەکردنی ئاخێـوەر دەستنیشـان بکەیـن بزانیـن زمانەکـە دایکـە یـان زمانـی دووەمە"(دزەیـی، ٢٠٢١، ٥٠).

ئـاوازە، هێـمای بـۆ دادەنرێـت، بـەڵام چەندیـن ئەرکـی جۆراوجـۆر دەبینـێ کـە لـە خاڵبەندیـدا نابینرێـت، چونکـە ئـاوازە ڕوونـتر و ئاشـکراتر گوزارشـت لـە ناخـی قسـەکەر دەکات وەك خاڵبەنـدی. زۆرجاریـش لەکاتـی قسـەکردن

شێوەی دەموچاو و جووڵەی دەستیش بەپێی قسەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێ. چونکە "ئاوازە پەیوەستە بە لایەنی سۆز و هەڵوێست و هەڵچوون، بۆیە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ لە هەڵوێستێك بۆ هەڵوێستێکی تر و لە حاڵەتی دەروونی بۆ حاڵەتێکی دەروونی تر" (العزاوی، ٢٠٠٠، ٢٦).

ئاوازە دەتوانێ ڕستەکان پۆلین بکات بۆ هەواڵگەیاندن و پرسیاری خۆشحاڵی و هەڕەشەکردن و...

(١٥)بۆ نموونە لە ڕستەی - بەیانی دەتبینمەوە.

چەندین واتا لەخۆ دەگرێت لەوانە:

١- ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە (بەیانی دوبارە دەتبینمەوە).

٢- ڕستەیەکی پرسیارییە (ئایا بەیانی دەتبینمەوە)؟

٣- ڕستەیەکی هەڕەشەئامێزە (بەیانی دەتبینمەوە).

٤- ڕستەیەکی هەست دەربڕینە (بۆ خۆشی دیتنەوەی دووبارە).

بۆیە دەتوانین بڵێین "ئاوازە زەنگی وشە و جوانی دەربڕینە" (ابن منظورالأفريقي المصري، ٢٠٠٠، ٣١٢).

ئاوازە نیشانەیەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی واتا لەو ڕێگەیەوە دەزانرێ کە ڕستەکە سەرسوڕمانە یان ستایشە یان زەمکردن، بۆ نموونە (ئەوە دکتۆرە) بەپێی ئاوازەکە دەزانرێ چ جۆرە ڕستەیەکە (ئەگەر وشەی دکتۆر بە دەنگێکی قەڵەو دەرببڕێ و وشەکە درێژ بکرێتەوە دەبێتە ستایش کردن، بەڵام ئەگەر بە دەنگێکی باریك وشەی دکتۆر دەربڕێ و دەنگ نزم بکرێتەوە دەبێتە زەم کردن" (السامرائي، ٢٠٠٠، ٦٦). کەواتە لەیەك ڕستە، دوو واتای جیاواز دیاری کرا بەپێی گۆڕینی ئاوازە.

**٢. ٦. ٢. هێز:** هێز دوو جۆرە، هێزی بڕگە لەناو وشەدا، لەگەڵ هێز لەسەر وشە لەناو ڕستەدا، ئێمە لێرەدا مەبەستمان هێز لەسەر وشەیە لەناو ڕستەدا، کاتێك هێز دەخرێتە سەر وشەیەك لە ڕستەیەکدا، لایەنی دەروونی تاك نیشان دەدات، چونکە بە مەبەست ئەو هێزە دەخاتە سەر یەکێ لە وشەکان بە مەبەستی گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو. هێز "بریتییە لەو هێزەی کە دەخرێتە سەر بەشێکی وشە لە ڕستەدا کە هەڵچوونی قسەکەری بەدواوە دێت" (دزەیی و ئەوانیتر، ٢٠١٣، ١٤٧).

هێز چەند ئەرکێکی هەیە، کاتێك پەیوەست دەبێت بە لایەنی دەروونی چەند واتایەك ڕوون دەکاتەوە، لەوانە:

- **ئاگادارکردنەوە:** قسەکەر بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە هێز دەخاتە سەر وشەیەك لە ڕستەدا.

(١٦) بۆ نموونە: مار هات.

لەم ڕستەیە هێز لەسەر وشەی (مار)ە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیە.

- **هەست وروژاندن:** قسەکەر هێز دەخاتە سەر یەکێ لە وشەکانی ڕستە بۆ ئەوەی هەستی بەرامبەر بوروژێنێ.

(١٧) بۆ نموونە: ئاوی کانی مزگەوتی هیران وشك بوو.

هێز لەسەر وشەی (هیران)ە. واتە وشکبوونی ئاوی ئەم کانییە، نیشانەی کەم ئاوییە.

-**لادانی ئاوەڵناو:** زۆرجار ئاوەڵناو لا دەبرێت، وشەیەك بە هۆی هێز شوێنی ئاوەڵناو دەگرێتەوە.

(١٨)بۆ نموونە: ئەردەلان پیاوە.

هێز لەسەر وشەی (پیاو)ە، لێرەدا پیاو بە واتای ڕەگەزی (نێر) نایەت، بەڵکو کۆمەڵێك سیفەت دەگرێتەوە کە دەرنەبڕاوە.

-**جەختکردن:** قسەکەر هێز دەخاتە سەر وشەیەکی ڕستە ب هەمەبەستی جەختکردن.

(١٩)بۆ نموونە: ئاسۆ لە بەریتانیا دکتۆرای تەواو کردووە.

هێز کەوتۆتە سەر وشەی بەریتانیا.

-**درێژکردنەوەی بزوێن:**

ئەم درێژکردنەوەیە لەناوی تایبەتدا بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە بەکار دێت.

(٢٠)بۆ نموونە: شیلااااان.

**٢. ٦. ٣. وەستان:** بەهەمان شێوەی لایەنی دەروونی تاك پیشان دەدا، وەستان "نرخێکی دەنگی خاوەن ئەرکی گرنگە" (النجار، ٢٠٠٧، ٦). قسەکەر لەکاتی دەربڕینی

ڕستە لـەو شـوێنەی کـە مەبەسـتیەتی سـەرنجی وەرگـر بـۆ خـۆی ڕابکێشـێ، دەوەسـتێ، لـە ڕێـگای وەسـتان دەیـەوێ ئـەو وشـەیە زەق بکاتـەوە کـە خـۆی مەبەسـتیەتی، ئەمـەش زیاتـر لـە وتـاری سیاسـی و ئایینیـدا بـەکار دێـت.

زۆر جاریـش وشـە دەربڕاوەکانـی دوای وەسـتان جێـگای گومانـن، چونکـە "ئاخێـوەر لەکاتـی ئاخاوتـن لـە ڕێـگای وەسـتان بـۆ گوێگـر دەریدەخـات کـە لـەو شـوێنەی لێـی دەوەسـتێ شـوێنی دوودڵـی و بیرکردنەوەیە"(حمـدانی، ١٩٨٢، ٣٦).

**٢. ٧. نیشـانەی جەسـتەییەکان:** بریتیـن لـەو نیشـانانەی کـە لەسـەر جەسـتەی مرۆڤـدا دەردەکـەون و بەبـێ ویسـتی مرۆڤـە، کـە زۆربەیـان پەیوەسـتن بـە لایەنـی بایەلۆجـی، بـەڵام دەبنـە نیشـانە بـۆ واتـای تـر.

(٢١) بـۆ نموونـە: دەسـت لەرزیـن و دەرکەوتنـی خـاڵ لەسـەر دەسـت و لۆچـی دەموچـاو، هەڵگرتنـی گۆچـان و چەمانـەوەی پشـت نیشـانەی پیربوونـە، هەروەهـا سـوربوونەوەی دەموچـاو نیشـانەی شـەرم یـان ترسـە، زەردهەڵگـەڕان نیشـانەی نەخۆشـی، یـان ترسـە.

**٢. ٨. نیشانە دەرەکییەکان:** بریتیـن لـەو پاڵنـەرە دەروونیانەی دەبنـە هـۆکاری نووسـینی شـیعر یـان چیـرۆک، ئـەو پاڵنەرانـە دەبنـە نیشـانە بـۆ خوێنـەر کـە لـە ڕێـگای خوێندنـەوەی دەقێـك دەزانرێـت شـاعیر لـە چ بارێکـی دەروونیـدا بـووە کاتێـك ئـەو شـیعرەی نووسـیوە.

**٢. ٩. نیشـانە وێنەییـەکان:** ئـەم جـۆرە نیشـانەیە "پەیوەندیـی نێـوان نیشـانە و بابـەت پەیوەندییەکـی لێکچـووە، جـا زیندووبێـت یـان نازیندوو"(دزەیـی، ٢٠١٥، ٣٠). کـە لـە ڕێـگای (نیـگار، تابلـۆ، پەیکـەر، نەخشـە، کاریکاتێـر، وێنـە)دا دەردەکەوێـت، هەریـەك لەمانـە واتایـەك ڕوون دەکەنـەوە بـۆ نموونـە دروسـتکردنی پەیکەرێـك بـە جلکـی کـوردی و جەمەدانـی لـە شـوێنێك، نیشـانەیە کـە ئـەو ناوچەیـە ناوچەیەکـی کوردسـتانییە، هەروەهـا وێنـەی قـەڵاو منـارە و قاوەخانـەی مەچکـۆ، نیشـانەن بـۆ شـاری هەولێـر.

زۆر جاریـش لـە شـوێنە گشـتییەکان بـۆ جیاکردنـەوەی تواڵێتـی ئافرەتـان و پیـاوان، وێنـەی پێڵاوێکـی پاژنـە بـەرز لـە شـوێنی تواڵێتـی ئافرەتـان هەڵـدەواسرێ، بـۆ پیاوانیـش وێنـەی جگـەرە.

**٢. ١٠. نیشـانە هەسـتییەکان:** مەبەسـت لـەم جـۆرە نیشـانەیە ئـەم نیشـانانەن کـە لـە ڕێـگای هەسـتەکانی مرۆڤـەوە هەسـتیان پـێ دەکرێـت، بریتیـن لـە مانـەی خـوارەوە:

**٢. ١٠. ١. هەسـتی بۆنکـردن:** هـەر بۆنێـك نیشـانەیەکە بـۆ شـوێنێك، بـۆ نموونـە بۆنـی خـواردن بـە هەمـوو شـێوەکانیەوە دەبێتـە نیشـانە، چوونـە هـەر خواردنێـك بۆنێکـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، هەروەهـا بۆنـی میوەجـات و سـەوزەوات و سـپیەمەنییەکان و خواردنـەوە گـەرم و ساردەکان بـە هەمـوو شـێوەکانییەوە دەبێتـە نیشـانە. بـۆ نموونـە بۆنـی قـاوە، جیایـە لـە بۆنـی چـای، بۆنـی پونگ جیایـە لـە بۆنـی جاتـرە. بـۆ نموونـە کاتـێ لـە نزیـك چێشـتخانەیەك یـان ماڵێـك ڕەت دەبـێ زۆر جـار لـە ڕێـگای بۆنـی خـواردن دەزانیـن لـەو شـوێنە چ خواردنێـك لێـنراوە و دەشـزانرێ جـۆری خواردنەکـە چییـە و چ جـۆرە سـەوزەیەك و چ بەهاراتێـك لـە چێشـتەکەدا بـەکار هاتـووە. جگـە لـە خـواردن، بۆنـی پاشـماوەی گیانلەبـەر و پەلـەوەر و بۆنـی ئاژەڵـی تۆپیـو و پەلـەوەری مرداربـووەوە نیشـانەیە بـۆ بوونـی ئـەم گیانلەبەرانـە لـەو شـوێنەدا، هەروەهـا بۆنـی گـوڵ بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە دەبێتـە نیشـانە، وەکـو نێرگـز و ڕەیحـان لـەدوورەوە بۆنیـان دێ.

**٢. ١٠. ٢. هەسـتی تامکـردن:** هـەر خواردنێـك و هـەر سـەوزە و میوەیـەك تامێکـی تایبەتـی هەیـە، بـۆ نموونـە تامـی سـێو جیایـە لـە تامـی پرتەقـاڵ، کاتێـك کێکێـك لـە پەلکـی پرتەقـاڵ دروسـت دەکرێـت لەڕێـگای تامەکەیـەوە دەزانرێـت، هەروەهـا مەعدەنـووس و کـەرەوز، دوو سـەوزەی لەیـەك چـوون، لـە ڕێـگای تامیانـەوە دەناسرێنـەوە، ئـەو تامـەی لـەو هەیـە لـەوی تـر نییـە، جیاوازی لەنێـوان تامـەکان دەبێتـە نیشـانە کـە کامەیـە.

**٢. ١٠. ٣. هەسـتی بەرکەوتـن:** وەکـو ناسـینی گـەڵا و ڕەنگـی دار و تـۆی ڕووەك بەدەسـت لێدانیـان لەکاتـی تاریکـی دەزانـرێ چ جۆرێکـن بەبـێ ئـەوەی بیانبینـی.

**٢. ١١. نیشـانەی ئایینییـەکان:** ئەمجـۆرە نیشانانە دەبنـە هۆکارێـك بـۆ دەستنیشـانکردنی مەزهـەب و ئایینـە

جۆراوجــۆرەکان.

بــۆ نموونــە: بەکارهێنانــی بــەردی نوێژکــردن دەبێتــە نیشــانە بــۆ شــیعە مەزهــەب، ســەلیب نیشــانەیە بــۆ ئایینــی مەســیحی.

هەندێــک نیشــانە تایبەتــن بــە ئایینــی ئیســلام، وەکــو نوێژکــردن و بەڕۆژووبــوون لــە مانگــی ڕەمەزانــدا، باڵاپۆشــیی ئافــرەت، ســوێندخواردن بــە پێغەمبــەر موحەمــەد (د.خ) و مەککــەی پیــرۆز، حەجکــردن و پێدانــی زەکات، خوێندنــەوەی مەولــوودی پێغەمبــەر (د.خ)، قورئــان خوێنــدن... هەمــوو ئەمانــە دەبنــە نیشــانە بــۆ ئایینــی ئیســلامی پــێ دەناسرێتــەوە، هەروەهــا زیکــری دەروێــش و حاڵگرتــن و دەفلێــدان نیشــانەیە بــۆ تەریقەتــی قــادری.

**٢. ١٢. نیشانەی دەنگی دروستکراو**

ئــەم جــۆرە نیشــانەیە نیــازی گەیاندنــی زانیــاری هەیــە و بــە مەبەســتی ئاگادارکردنــەوە بــەکار دێ.

بــۆ نموونــە (فیکــەی پۆلیســی هاتوچــۆ، فیکــەی حەکــەم، دەنگــی ئۆتۆمبێلــی فریاکەوتــن، زەنگــی ئاگرکەوتنــەوە،...).

**٢. ١٣. نیشــانەی ســیمبوڵی:** (symbolic) ئــەم جــۆرە نیشــانەیە "ڕێککەوتنــی کۆمەڵــێ لەســەرە بــە مەبەســتی ئاســانی و خێرایــی لــە گەیاندنــی واتا"(الکــواز، ١٤٢٦، ٩٤).

پەیوەندیــی نێــوان نیشــانە و بابــەت پەیوەندییەکــی ڕێککەوتنــە و هیــچ لێکچوونێــك لەنێوانیانــدا نییــە، وەك گڵۆپەکانــی هاتوچــۆ و پلەکانــی ســەربازی و...

پێــرس دەڵێــت: «ســیمبوڵ، بەهــۆی نەریتــەوە دەســت نیشــان دەکرێــت و زیاتــر پشــت بــە بیرکردنــەوەی گشــتی دەبەســتێت»(دزەیی، ٢٠١٥، ٣٠). وەك کۆتــری ســپی نیشــانەی ئاشتی و شــێر نیشــانەی ئازایەتــی و ڕێــوی نیشــانەی فێڵبــازی و بــاز نیشــانەی چاوتیــژی و کوندەبەبــۆ نیشــانەی شــوومی و چیــا نیشــانەی خۆڕاگری...هتــد.

**ئەنجام**

١. مــرۆڤ لــە ژیانــی ڕۆژانەیــدا لەکاتــی ئاخاوتــن نیشــانە وەک داهێنانێکــی زمانــی بــەکار دێنــێ بــە مەبەســتی ڕوونکردنــەوەی واتــا و گەیاندنــی مەبەســت.

٢ـ فۆنیمــە ناکەرتییــەکان جگــە لــە ئەرکــی ڕێزمانــی جــۆری ڕســتە دیــاری دەکــەن، زۆر جــار دەبنــە نیشــانە بــۆ دەرخســتنی لایەنــی دەروونــی قســەکەر و کەســایەتی و ڕەگــەز و تەمــەن نیشــان دەدەن و نــاخ و بــاری دەروونیــان دەردەخــەن.

٣. نیشــانە زمانــی و نازمانییــەکان دەبنــە هــۆی نەهێشــتنی پرســیار لای وەرگــر و ڕەواندنــەوەی تەمومــژی.

٤ـ نیشــانە زمانییــەکان لــە ئاســتی ســیمانتیکدا دەبنــە هــۆی ڕوونکردنــەوەی واتــا.

٥ـ نیشــانە نازمانییــەکان لــە ئاســتی پراگماتیکــدا دەبنــە هــۆی ڕوونکردنــەوەی واتــا.

٦ـ نیشــانە کۆمەڵایەتییــەکان لــە دابونەریــت و کولتــووری کۆمەڵــگاوە دیــاری دەکرێــت و لــە کۆمەڵگایــەک بــۆ یەکــی تــر گۆڕانــی بــە ســەردا دێ.

٧ـ نیشــانە مادییــەکان لــە بــواری دادگا وەکــو بەڵگــە بــەکار دێــن بــۆ تێوەگلانــی کەســەکە لــە تاوانەکــە.

سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**


دزەیــی، عبدالواحــد مشــیر(٢٠١٠). واتاســازی وشــە و ڕســتە، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

دزەیــی، عبدالواحیــد موشــیر(٢٠١١). زانســتی پراگماتیــك، چاپــی یەکــەم. چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

دزەیــی، عبدالواحیــد مشــیر و دانــا تەحســین محەمــەد و دەروون عەبدولڕەحــمان ســاڵح(٢٠١٣). فۆنەتیــك و فۆنۆلۆجــی، چاپــی یەکــەم، هەولێــر.

دزەیــی، عبدالواحیــد مشــیر(٢٠١٥). زانســتی ســیمانتیك، چاپــی یەکــەم، هەولێــر.

دزەیــی، عبدالواحــد مشــیر(٢٠٢١). نیشــانە و دەق و واتــا، چاپــی یەکــەم، هەولێر.

فتــاح، محمــد معــروف(٢٠١٠). زمانەوانــی، چاپــی ســێیەم، چاپخانــەی

حاجی هاشم، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی**

٧- الوافي، علي عبدالواحد(١٩٥١). اللغة والمجتمع، الطبعة الثانية، دار احياء الكتب العربيه، مصر.

٨- أنيس، إبراهيم(١٩٦٣). دلالة الألفاظ، الطبعة الثانية، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٩- السامرائي، نبيهة صالح و عثمان علي أيمن(٢٠٠٢). مقدمة في علم النفس، دار زهران، عمان، أردن.

١٠- السامرائي، فاضل صالح(٢٠٠٠). الجملة العربية والمعنى، الطبعة الأولى، دار ابن حزم، بيروت.

١١- العزاوي، سمير إبراهيم(٢٠٠٠). التنضيم اللغوي في القرآن الكريم، دار الضياء، عمان-الأردن.

١٢- أولمان، ستيفن(١٩٨٦). دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد.

١٣- المصري، أبي الفضل جمال الدين و محمد بن مكرم وابن منظور(١٩٩٢). لسان العرب، الطبعة الثانية، دار إحياء التراث العربي، بيروت- لبنان.

١٤- النجار، نادية رمضان(٢٠٠٧). الدلالة الصوتية والصرفية في سورة ((يوسف)) في ضوء الدراسات اللغوية الحديثة و مناهجها، حلوان.

١٥- الكواز، محمد كريم(١٤٢٦). علم الأسلوب- مفاهيم وتطبيقات، الطبعة الأولى، دار الكتب الوطنية، منشورات جامعة السابع من أبريل، بنغازي.

١٦- بالمر، فرانك(١٩٩٧). مدخل إلى علم الدلالة، ترجمة خالد محمود جمعة، الطبعة الأولى، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت.

١٧- جلوريا ج. بوردن، وكاثرين س.هاريس و لورانس ج.رافائيل(١٩٩٨). أساسيات علم الكلام، ترجمة: محى الدين حميد، سوريا.

١٨- حسان، تمام(٢٠٠٩). اللغة العربية معناها و مبناها، الطبعة السادسة، علم الكتب، القهرة.

١٩- حمداني، موفق(١٩٨٢). اللغة وعلم النفس، بغداد.

٢٠- علي، محمد محمد يونس(٢٠٠٧). المعنى وظلال المعنى – أنظمة الدلالة في العربية، الطبعة الثانية، دار المدار الأسلامي، بيروت- لبنان.

٢١- عمر، أحمد مختار(١٩٨٢). علم الدلالة، الطبعة الأولى، مكتبة دار العروبة للنشر ولتوزيع.

٢٢- علي خان، أميمة(١٩٧٠). علم النفس، مطبعة العاني، بغداد.

٢٣- علي، محمد محمد يونس(١٩٩٣). وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية- دراسة حول معنى وظلال المعنى، جامعة الفائح، ليبيا.

٢٤- عزيز، كوليزار كاكل(٢٠٠٩). القرينة في اللغة العربية، الطبعة الأولى، دار دجلة، عمان.

٢٥- عبدالجليل، عبدالقادر(٢٠٠٦). المعجم الوظيفي لمقايس الأدوات النحوية والصرفية، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

٢٦- لوشن، نور الهدى(١٩٩٥). علم الدلالة – دراسة وتطبيقا، الطبعة الأولى، بنغازي.

٢٧- ماريو پاى، (١٩٩٨). أسس علم اللغة، ترجمة و تعليق: أحمد مختار عمر، الطبعة الأولى، عالم الكتب، القاهرة.

**نامە ئەکادیمیەکان**

**بە زمانی کوردی**

٢٨- فەرهادی، عاطف عبدللە(٢٠١١). هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (Praat)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی.

**بەزمانی عەرەبی**

٢٩- البزاز، عبدالغنى طه محمد(٢٠٠٧). التراكيب الدالة على السلوك البشري في القرآن الكريم- دراسة لغوية، أطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، كلية اللغات، قسم اللغة العربية- اللغة.

٣٠- القالش، ضياءالدين(٢٠١١). القرائن في علم المعاني، اطروحة دكتوراه، جامعة دمشق، كلية الأداب و العلوم الأنسانية، قسم اللغة العربية و آدابها.

**بە زمانی ئینگلیزی**

-31 Stephen C. Levinson1997(،(*Pragmatics*، (Cambridge: Cambridge University Press،).

-32 Fattah ،Mohammed Maruf, (1997) *A Generative Grammar of Kurdish* ،Unpublished PhD Thesis (University of Amsterdam.

-33 Martinet ،André (1962). *A Functional View of Language* (London: Oxford University Press.

## ملخص

توضيح المعنى من خلال العلامات اللغوية و غير اللغوية

يتناول البحث القرائن اللغوية و غير اللغوية وأثرها في توضيح المعنى في اطار علم المعنى وفيه تحليل أثر القرائن و البحث عن نماذجها في اللغة الكوردية. وتكمن أهمية البحث في كونها تتناول العناصر اللغوية التي توضح المعنى سواءٌ أكانت بأسلوبٍ صريح أو بأسلوبٍ ضمني. وهذان الأسلوبان يكفلان توضيح المعنى والهدف من هذا البحث إلقاء الضوء على دور القرائن في توضيح المعاني اللغوية منها و غير اللغوية. ويتشكّل البحث من مقدمة ويليها مبحثان: المبحث الأول و يختص بالقرائن اللغوية اللفظية مع توضيح لمعانيها اللغوية (السيمانتيكية) وتشمل المطالب الآتية: العلاقات الدلالية، التعريف، المستخلص، الادخار اللغوي، النموذج، الوصف، التوضيح، علامات الترقيم/التنقيط... والمبحث الثاني يختص بالقرائن غير اللغوية أو (التداولية) (الفلسفية)، و تشمل المطالب الآتية: العلامات المادية، العلامات الطبيعية،العلامات الصوتية، العلامات الاجتماعية، العلامات النفسية... وينتهي البحث بأهم النتائج والاستنتاجات، مع ملخص باللغة العربية و اللغة الانكليزية و قائمة بالمصادر والمراجع.

# Abstract

**Clarifying Meaning through Linguistic and Non-Linguistic Clues**

The present study discusses the role of the linguistic and non-linguistic clues in clarifying meaning. The research analyses the role of clues by using a semantic approach in the Kurdish language, giving ample examples in this sense. The significance of this study is that it touches upon those linguistic forms that either covertly or overtly disclose and clarify hidden meanings and remove any ambiguity therein. Clues are linguistic signs or forms that, through the linguistically expressed utterances clarify the meaning and thus support as well as prove the implied meaning of the expressed utterance. The objective of this study is to shed light on the role of clues in clarifying meaning. The hypothesis of the study is that every linguistic utterance carries with it clarifying clues: whether linguistic or non-linguistic. The study comprises an introduction, two sections, and a conclusion. Section one studies the linguistic clues and clarifies the semantic role; it is sub-divided into the following: semantic relationships; definition; summary; linguistic savings; model (instance); description; illustration; and punctuation. Section two analyses the non-linguistic clues and clarifies the pragmatic role; it is sub-divided into the following: physical signs; natural signs; phonetic signs; social signs; and psychological signs. The study closes with a list of references. Abstracts in both Arabic and Kurdish languages are also provided.